# ئایا چی تاوانێک گەورەترینە لەلای خوای گەورە؟ فەرمووی: «هاوبەش وهاوتا بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت لەکاتێکدا ئەو تۆی دروستکردووە

لە عبدالله کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- : ئایا چی تاوانێک گەورەترینە لەلای خوای گەورە؟ فەرمووی: «هاوبەش وهاوتا بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت لەکاتێکدا ئەو تۆی دروستکردووە»، ووتم: پاش ئەوە چی (واتە: چی تاوانێک گەورەترە)؟ فەرمووی: «منداڵەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی لە خواردنەکەت دەخوات»، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «زینا بکەیت لەگەڵ هاوسەری دراوسێکەت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە گەورەترین تاوانەکان، فەرمووی: گەورەترین تاوان ؛ شیرك وهاوبەش بڕیاردانە بۆ الله، ئەمیش بریتیە لەوەی کەسێك یان شتێك بکەیتە هاوتا ویەکسان بە الله ؛ لە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- یان پەروەردگارێتی یان ناو وسیفەتەکانی، خوای گەورە لەم تاوانە خۆش نابێت مەگەر بە تەوبەکردن، وئەگەر بکەری ئەم تاوانە لەسەری بمرێت ئەوا بەهەتاهەتایی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوە. پاشان تاوانی کوشتنی منداڵ لەترسی ئەوەی لە خواردنەکەی دەخوات، وبەشی خۆی نامێنێت، وکوشتنی هەر نەفسێك بەناهەق حەرامە ؛ بەڵام تاوانەکە گەورەترە ئەگەر بکوژ وکوژراو کەسوکاری یەکتر بن، وهەروەها تاوانەکە گەورەترە ئەگەر مەبەستی بکوژ ئەوە بێت ؛ کوژراو بەشدار دەبێت لەو ڕزقەی الله پێی بەخشیووە. پاشان زیناکردنی پیاو لەگەڵ هاوسەری دراوسێکەی ؛ ئەمیش لەڕێگای هەوڵدان بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئافرەتی دراوسێکەی هەتاوەکو زینای لەگەڵدا دەکات ودێتە ژێر ڕکێفیەوە. زینا کردن حەرامە، بەڵام تاوانەکەی گەورەترە ئەگەر زیناکردنەکە لەگەڵ هاوسەری دراوسێ بێت ؛ چونکە شەریعەت فەرمانیکردووە بە چاکەکاربوون وباش هاوەڵی دەرهەق بە دراوسێ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5359